**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتان ـ عێــراق**
**ژمارەی دەرهێــنـــان : ٤**
**رۆژی دەرهێــنـــان : ٢٠٠٢/٤/١٧**

پـشت بـە حوکمـەکانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (٩)ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/١٦ یدا ئەنجـــامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلأتەش کە برگـە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یـاســـای ژمـــارە (١٠)ی ســـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، برِیـــاری دەرهێنـانی ئـەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاســای ژمـــارە ( ٤ )ی ســاڵی ٢٠٠٢
## یاســای یەکێتی مامۆستایانی کــوردستانی ــ عێــراق

### بەشــی یەکـــەم

**ماددەی یەکـــەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

١. هەرێم : هەرێمی کوردستانی ــ عێراق .
٢. وەزارەت : وەزارەتی پەروەردە .
٣. یەکێتی : یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٤. ئەنجومەن : ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٥. مەکتەبی سکرتاریەت : مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٦. دەستەی گشتی : هەموو ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٧. مامۆستا : هەموو مامۆستاو وانە بێژێکی سەر بە وەزارەتـی پـەروەردەو تەدریـسییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەگرێتەوە .

### بەشــی دووەم :
### دامــەزرانــدن و ئامانــجەکان

**ماددەی دووەم :**

بە پێی ئەم یاسایە ، یەکێتییەك بە ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق دادەمەزرێو بارەگا سەرەکییەکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێو بۆیشی هەیـە لـق لـە پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سـێیــەم :**

یـەکێتی ڕێکخراوێکـی پیـشەیی سـەربەخۆیەو ، شەخـسییەتی مەعنـەویی خـۆی هەیـەو ، مـافی موڵکداربوونی موڵك و ماڵی گواستەنی و ناگواستەنیشی هەیە .

**ماددەی چـوارەم :**

**یەکـەم :** یەکێتی بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە تێدەکۆشێ :

١. چەسپاندنی پێڕۆی فیدرالیزم بۆ کوردستانی ــ عێراق .

٢. داکۆکی کردن لە ئازادییە دیموکراتییەکان و ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ .

٣. لەبەرزکردنەوەی سـەویەی پـەروەردەیی و فێرکـاری و توانـستی زانـستی و ڕۆشـنبیری و هزریی مامۆستایاندا هاوبەشی دەکاو ، بـە جـۆرێکی ئـەوتۆش ئامادەیـان دەکـات کـە بـڕوای تەواو بە مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریەو ئامانج و ئاواتەکانی بزاڤی ڕزگـاریخوازی کورد (کوردایەتی) بێنێتە دی .

٤. لە دانانی ستراتیجییەتی پێڕۆی پەروەردەو فێرکاری هەرێمـدا بەشـدار دەبـێ بـۆ تـەیار و ئامادەکردنی مینهاج و بەرنامەگەلێ کە لە گەڵ ئامـانج و ئاواتـە ڕەواکـانی گـەلی کوردسـتانی عێراقدا بلوێو بگونجێ .

٥. ڕێز لە پیشەی فێرکاری دەگرێ و پیرۆزیی قوتابخانـەو پـەیمانگاو زانکۆکـان دەپـارێزێ و داکـۆکی لـە مافـەکانی مامۆسـتایانی کوردسـتان دەکـا و ، ئامـانج و ئاواتیـان دێنێتـە دی ، زەمانەتی ئەوەیان دەکا کە بە ئازادیەکی تەاوەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەدا بکەن.

٦. بـۆ بەرزکردنـەوەی سـەویەی ژیـن و ژیـاری مامۆسـتایان تێدەکۆشـێ و ، ڕاژەو خزمـەتی کۆمەلآیەتی و تەندروستییان لەو بوارانەدا پێشکەش دەکات کە ژیـانێکی بـە حورمـەتیان بـۆ بێنێتە دی .

٧. کەلەپووری نەتەوایەتی لە کوردستاندا دەپارێزێو ، دۆخی ڕۆشنبیری بەرەو چاکتر دەباو ، ڕۆڵی مامۆستایش لە بنیادنان و بەرەو چاکتر بردنی شارستانی و ، لە بـە مـەدەنی کردنـی کۆمەڵگای کوردستانیدا زەق و زۆپ دەخاتە ڕوو .

٨. لە فێرکردنی ئیلزامیەو فێرکردنی گەورەکان و نەهێشتنی بێ سەوادی لە هەرێمـدا بەشـدار دەبێ .

٩. لـە گـەڵ سـەندیکاو ڕێکخـراو و یـەکێتی و کۆمەڵـە پیـشەیی جەماوەریـەکانی نـاوەوەو دەرەوەی هەرێمدا هاوکۆمەك دەبێ و پێوەندییان لە گەڵدا بەرەو چاکتر دەبات .

١٠. پێوەندیی خۆی لە گەڵ مامۆستایانی باقیمەنی ناوچەکانی عێراقدا توند و تۆڵتر دەکات .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١١. مامۆسـتایانی كوردسـتان لـە نـەدوەو كـۆنگرە پـەروەردەیی و زانـستیەكانی دەرەوەی هەرێمدا بەشدار دەكات .

١٢. بـۆ زامنكـردن و پاراسـتنی مافـە پـەروەردەیی و رۆشـنبیرییەكانی نەتـەوە بـە برایـەتی ژیاوەكانی ناو هەرێمدا تێدەكۆشێ .

**دووەم :** یەكێتی لە پێناوی وەدیهانینی ئامانجەكانیدا بۆی هەیە :

١. كۆمەڵەو یانەی كۆمەلایەتی و رۆشنبیریی تایبەت بە مامۆستایان لە هەرێمدا دابمەزرێنێ .

٢. سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەو كۆمەڵەو دام و دەزگایانە بكات كە خۆی دایاندەمـەرزێنێ و بۆیشی هەیە ئەندامێك وەك نوێنەری خۆی لە دەستەی ئیدارەی ئەو كۆمەلانەدا دابنێ .

**ماددەی پێنجــەم :**

ئەمانەی خوارەوە بە ئەندامانی یەكێتی لە قەڵەم دەدرێن :

أ. هەموو مامۆستاو وانە بێژەكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو تەدریسییەكانی پـەیمانگاو زانكۆكان لە هەرێمدا .

ب. مامۆستا شەهیدەكانی بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان ئەندامانی شەرەفن .

ج. مامۆستایانی شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلوول ئەندامی شەرەفن .

د. خانەنشینەكان لە ئەنـدامانی یـەكێتی بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ (لـە رۆژی خانەنـشینی و لـە وەزیفە دەست بەردانەوە) بە ئەندام دەمێننەوە .

## بەشـی سـێیــەم

**ماددەی شەشــەم :**

یەكێتی لەم دەستانەی خوارەوە پێك دێت :

١. دەستەی گشتی .

٢. ئەنجومەنی تەنفیزی .

٣. مەكتەبی سكرتاریەت .

٤. دەستەی لق .

٥. لیژنەی قــەزا .

**ماددەی حەوتــەم :**

أ. دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەكێتی پێك دێت كە ئیلتزاماتی خۆیان بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بەجێهێناوە . دەستەی گشتی بالأترین دەسەلاتی یەكێتییەو ، هـەر دوو ساڵ جارێـك ، لـە مەركـەزی یـەكێتی ، بـۆ كۆنگرەبەسـتنی گـشتی ، مەندوبـەكانیان بـە رێژەیەك كە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەكات كۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی یەكێتیو

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقائیعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت كە ژمارەیان (١٥) پازدە ئەندامی ئەسڵی و چوار ئەندامی یەدەگە . (نصاب) یش بە ئامادەبوونی دوو سێیەكی ژمارەی مەندوبان دێتە جێ ، جا ئەگەر هات و (نصاب) نەهاتەجێ ، ئەوە ، لەو بارەدا ، دوای (١٥) رۆژ لە كۆبوونەوەی یەكەم ، لە هەمان شوێن و كاتدا ژمارەی مەندوبانی ئامادەبوو ، چەند دەبن ، ببن ، ئەوا (نصاب) هاتووەتەجێو ، هەڵبژرادن دەست پێ دەكات .

ب. سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و ئەندامانی مەكتەبی سكرتارییەت و ئەندامانی دەستەكانی لقەكان ، هەموویان ئەندامی كۆنگرەن .

ج. یەكێتی بۆی هەیە ، لەسەر داوای (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی یان لەسەر داوای سێیەكی ئەندامانی دەستەی گشتی كۆنگرەیەكی لاوەكی ببەستێ .

**ماددەی هەشتــەم :**

كەسێ بۆ سەرۆكایەتیی یەكێتی هەڵببژێردرێ مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و خزمەتیشی لە (١٥) ساڵ كەمتر نەبێ .

**ماددەی نۆیــەم :**

سەرۆكی یەكێتی ئەم ئەرك و فرمانانەی خوارەوە دەگێڕێ :

أ. لە لایەنە دادگایی و ئیداری و كۆنگرەكاندا دەبێتە نوێنەری یەكێتیو ، موعامەلەو بەڵگەنامەكانی سەر بە یەكێتی تەسدیق دەكاو ، بۆیشی هەیە هەندێ لەم ئەرك و فرمانانەی بسپێرێ بە یەكێ لە ئەندامانی ئەنجومەن كە خۆی بەگەنی بكات .

ب. سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی دەكات .

**ماددەی دەیــەم :**

ئەگەر پایەی سەرۆكی یەكێتی چۆڵ بوو و ، باقیمەنی ماوەی كۆنگرەی گشتیش لە شەش مانگ زیاتر بوو ، ئەوە ، لەو بارەدا ، بە هەمان ئەو شێوازەی لەم یاسایەدا هاتووە سەرۆكێكی دی بۆ یەكێتی هەڵدەبژێردرێت .

## ئـیـش و ئــەرك و فـرمـانی كــۆنـگـــرە

**ماددەی یــازدە :**

١. لە یاساگەلی سندوقی زامنكاری و سندوقی وەفات و سندوقی نەخۆشیی سەخت و ترسناكی سەر بە یەكێتی دەكۆڵێتەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەكات و ئیقراریان دەكات.

٢. لە یاسای یەكێتی دەكۆڵێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەكاو پێشنیازی پێویست بۆ هەمواركردنی پێشكەش دەكات.

٣. لە پێڕۆی ناوخۆ دەكۆڵێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەكا و ئیقراری دەكات .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٤. له ئه‌رك و فرمانی لیژنه‌كانی كۆنگره‌ی گشتی ده‌كۆڵێته‌وه و رێكیان ده‌خاو ، هه‌ردوو راپۆرتی ئیداری و دارایی ئیقرار ده‌كات .

## پێكهاته‌كانی ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی و ئه‌ركه‌كانی

**مادده‌ی دوازده :**

**یه‌كه‌م :** ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی له‌مانه پێك دێت :

١. سه‌رۆكی یه‌كێتی .
٢. ئه‌ندامانی مه‌كته‌بی سكرتاریه‌ت .
٣. سه‌رۆكانی لقه‌كانی پارێزگاكان .

**دووه‌م :** ئه‌نجومه‌ن ئه‌م ئه‌رك و فرمانانه‌ی خواره‌وه به رێ ده‌خات :

١. به‌دواداچوونی ئیشه‌كانی مه‌كته‌بی سكرتاریه‌ت و ده‌سته‌كانی لقه‌كان .
٢. به‌دواداچوونی جێبه‌جێكردنی راسپارده‌و ئیقراركراوه‌كانی كۆنگره .
٣. ئاماده‌كردنی بوجه‌ی گشتی و حساب و حسابكاریی كۆتایی .
٤. به‌خشینی شه‌ره‌فی ئه‌ندامێتی به شه‌خسیاتی په‌روه‌رده‌یی و هزرمه‌ندان .
٥. لێكۆڵینه‌وه‌و گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پێڕۆی ناوخۆو پێشكه‌ش كردنی پێشنیازی پێویست بۆ هه‌مواركردنی .

**سێیه‌م :** ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی كۆبوونه‌وه‌ی خوله‌كانی خۆی ، هه‌ر سێ مانگ جارێك بۆ به‌رێوه‌بردنی كاروباری یه‌كێتی ساز ده‌دات و ، بۆیشی هه‌یه هه‌ر كاتێ پێویست بێت كۆبوونه‌وه‌ی لاوه‌كی ساز بدات .

## مه‌كته‌بی سكرتاریه‌ت

**مادده‌ی سیازده :**

**یه‌كه‌م :** مه‌كته‌بی سكرتاریه‌ت به ده‌سته‌ی كارای ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزیی یه‌كێتی له قه‌ڵه‌م ده‌درێ و له‌ناو ئه‌ندامه‌كانیدا سكرتێرێك هه‌ڵده‌بژێرێ ده‌بێته جێگری سه‌رۆكی یه‌كێتی و به‌رپرسانی لیژنه دارایی و ئیداریه‌كان و ئیش و كار به‌سه‌ر ئه‌ندامه‌كانیدا دابه‌ش ده‌كات . سه‌رۆكی یه‌كێتی له كۆبوونه‌وه‌كانی مه‌كته‌بی سكرتارییه‌تدا ئاماده ده‌بێ‌و ، كه ئاماده‌ش بوو كۆبوونه‌وه‌كه به سه‌رۆكایه‌تی ئه‌و ساز ده‌درێ .

ئــــه‌رشیفی رۆژنامه‌ی وه‌قایعی كـــــوردستان

**دووه‌م :** كه‌سێ بۆ ئه‌ندامێتی مه‌كته‌بی سكرتاریه‌ت یان بۆ ده‌سته‌ی لقه‌كان هه‌ڵبژێردرێ مه‌رجه هاووڵاتیی هه‌رێم بێت و خزمه‌تیشی له ده ساڵ كه‌متر نه‌بێت .

www.mojkurdistan.com

**سێیەم :** مەکتەبی سکرتارییەت ئەم ئیشانەی خوارەوە بە ڕێ دەخات :

١. بەرکارخستنی موقەڕەڕات و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی .

٢. بەکارخستنی موقەڕەرات و ئاڕاستەکاری و ڕێنماییەکانی ئەنجومەن .

٣. سەرپەرشتی بزاڤەکانی لقەکان و دەرهێنانی ئاراستەکاری و ڕێنمایی پێویست بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی ڕەوشی پەروەردەیی‌و فێرکاری و توندو تۆڵ کردنی پێوەندی لە گەڵ دەستەگەلی ئیدارەی لقەکان .

٤. ئیقرار کردنی خەرجی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئیشەکانی مەکتەبی سکرتارییەت (لە سنووری سەلاحییاتی ئیقرارکراوو لە چوارچێوەی ئەو بڕە پارانەدا کە لە بوجەی گشتیدا بۆی دانراوە) و ، بۆیشی هەیە موناقەلاتی دارایی لە چوارچێوەی بوجە ئیقرارکراوەکەدا بخاتەکار .

٥. بۆ توندو تۆڵ کردنی پێوەندیی خۆی لە گەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێمدا تێدەکۆشێ .

٦. بوجەی ساڵانەو حساب و حسابکاریی کۆتایی ئامادە دەکاو پێشکەشی دەکات بە ئەنجومەن بۆ تەسدیق کردنی .

## دەســـتەی لـق

**مـاددەی چـــواردە :**
**یەکـەم :**

١. مەندوبەکانی پارێزگا ، کە بۆ ئەندامێتیی کۆنگرەی گشتی هەڵبژێردراون ، دوای تەواوبوونی ئیش و کارەکانی کۆنگرە کۆ دەبنەوە بە سەرپەرشتی مەکتەبی سکرتاریەت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق کە لە حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت .

٢. دەستەی لق لە کۆبوونەوەی یەکەمیدا سەرۆکی لق و بەرپرسانی لیژنە تایبەکارەکان هەڵدەبژێرێ .

**دووەم :** دەستەی لق ئەم کار و فرمانەی خوارەوە بە ڕێ دەخات :

١. بەرکارخستنی موقەڕەڕات و ڕاسپاردەکانی مەکتەبی سکرتارییەت .

٢. لە چوارچێوەی بوجەی ساڵانەی یەکێتیدا گفتوگۆ لەسەر بوجەی ساڵانەی لق دەکات و ڕێنماییگەلی دارایی و سندوقی زامنکاری و سندوقی وەفات و سندوقی نەخۆشییە سەخت و ترسناکەکان دەخاتە بەرکار.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## لیژنەی قـــەزا

**ماددەی پـازدە :**

**یەكەم :** مەندوبەكانی قەزا ، كە بۆ ئەندامێتیی كۆنگرەی گشتی هەڵبژێردراون ، دوای تـەواوبوونی ئیش و كارەكانی كۆنگرە كۆدەبنەوە بە سەرپەرشتی دەستەی لق بـۆ هەڵبـژاردنی لیژنـەی قـەزا لەناو خۆیاندا كە لە (٣) سێ ئەندامی ئەسڵی و یەك ئەندامی یەدەگ پێك دێت .

**دووەم :** لیژنەی قەزا لە یەكەم كۆبوونەوەیدا سەرۆكێك لەناو ئەندامەكانیدا بۆخۆی هەڵدەبژێرێ‌و ، سەرۆك لە كۆبوونەوەكانی دەستەی لقدا ئامادە دەبێت .

**سـێیـەم :** ئیش و كاری لیژنەی قـەزا :

١. بەركارخستنی بریارو ئاڕاستەكاریەكانی دەستەی لق .
٢. سەرپەرشتی كاروباری یەكێتی لە قەزادا .
٣. بەرزكردنەوەی راپۆرتگەلی دەوری بۆ دەستەی لق دەربارەی هەر شتێك كە پێویست بێت بۆ بەرزكردنەوەی سەویەی فێركاری .

## بەشـــی چـــوارەم
## دارایـی یـەكێـتــی

**ماددەی شازدە :**

**یەكـەم :** دارایی یەكێـتی لەمانە پێك دێت :

١. هەر مامۆستاو وانەبێژێكی ئەندام مانگانە پێنج دینار دەدات و بەم شێوەیەی خوارەوە لە مووچەكەی دادەشكێنرێ:
   أ. دوو دینار بۆ بەرژەوەندی سندوقی زامنكاری .
   ب. یەك دینار ئابوونەی بەشداربوونی سندوقی وەفات .
   ج. یەك دینار ئابوونەی بەشداربوونی سندوقی نەخۆشییە سەختەكان .
   د. یەك دینار ئابوونەی مانگانەی ئەندامێتی .
٢. هەموو ئەندامێكی تەدریسی لە پەیمانگاو زانكۆكاندا دووقاتی ئەوە دەدەن كە لـە بڕگـەی (١)ی سەرەوەدا بڕیاردراوە.
٣. دەسنگە (منح) و یارمەتی كە حكومەتی هەرێم بە یەكێتیی دەبەخشێ .
٤. قازانجی بزاڤەكانی یەكێتی .
٥. سوودو قازانجی وەبەرهێنانەكان (الأستثمارات) .
٦. كرێی عیقاراتی موڵكی یەكێتی .

**دووەم :** كـۆنگرەی گـشتی چـۆنێتیی خـەرج كردنـی ئەوانـەی بڕگـە (أ،ب،ج،د)ی بەنـدی یەكـەم دیاردەكات و پێویستە دەستەی ئیدارەگەلی لقەكانیش ئیلتیزامیـان بـەو رێنماییانـەوە هـەبێ كـە

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

لەم بارەیەوە دەردەچن و لیژنەگەلی تایبەتکار بە ناوی (لیژنەی زامنکاری و لیژنەی یاریدەدانی ئەندامان) پێك بهێنن بۆ بەرکارخستنیان .

**سـێیەم :** کردنەوەی حسابێك لە بانکەکانی هەرێمدا .

**چـوارەم :** رەزامەندی لەسەر بڕیارەکانی لیژنەی زامنکاری و لیژنەی یارمەتیدانی مامۆستایان ، لە کۆبوونەوەکانی لقدا دەدرێ .

**پێنجـەم :** حساباتی یەکێتی بۆ ریقابەی یاسایی و دارایی ملکەچ دەبێ .

**شەشـەم :** هەر ئەندامێ ئەندامێتی خۆی لە یەکێتیدا لە دەست بدات ، مافی ئەوەی نابێ داوای مافی دارایی لە یەکێتی بکات .

**حـەوتەم :** (٤٠٪) چل لە سەدی ئەو داهاتە داراییەی کە لە برگە (د)ی بەندی (یەکەم) دا هاتووە ، لە لایەن لقەوە دەگوازرێتەوەو دەخرێتە سەر حسابی مەکتەبی سکرتارییەت لە بانکەکانی هەرێمدا .

**ماددەی حەڤــدە :**

بوجەی گشتیی یەکێتی لە بوجەی تایبەتیی مەکتەبی سکرتارییەت و لقەکان و پرۆژەکان و ئیعتیماداتی تایبەت بە مەکتەبی سکرتارییەت یان لق پێك دێت .

**مـاددەی هــەژدە :** مەکتەبی سکرتارییەت یان دەستەی لق بۆی هەیە ، دوای رەزامەندی ئەنجومەنی تەنفیزی ، بەشێك لە داهاتە داراییەکەی خۆی لە پرۆژەگەلی رەنێوهێنەکیی (مشاریع أنتاجیە) سوودبەخش بە یەکێتی ، وەبەربهێنێ.

## بەشـی پێنـجـەم

**ماددەی نـۆزدە :**

یەکێتی ، کە بە پێی ئەم یاسایە دامەزراوە ، نوێنەری مامۆستایانی کوردستانی ـ عێراقە لە ناو هەرێم و لە دەرەوەی هەرێمیشدا .

**ماددەی بیست :** یەکێتی لە هەموو ئەو ئەنجومەن و لیژنانەدا کە پێوەندییان بە بواری مامۆستایان و پەروەردە و فێرکارییەوە هەیە بەشدار دەبێ .

**ماددەی بیست و یەك :**

**یەکـەم :** سەرۆکی یەکێتی و سکرتێری مەکتەبی سکرتارییەت و سەرۆکانی لقەکان لێ دەبڕێن و خۆ تەرخان دەکەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارو فرمانی یەکێتی .

**دووەم :** مەکتەبی سکرتارییەت بۆی هەیەو بە رێژەی (٣/٢) دوو سێیەکی ئەندامانی مەکتەب بڕیار لەسەر خۆ تەرخانکردنی هەر ئەندامێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت یا ئەندامی دەستەکانی لقەکان بدات بۆ بەرێخستنی ئیش و ئەرکی یەکێتی .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ســێیەم :** پێویـسته ژمــارەی تــەرخانکراوەکانی ئـیش و کــاری یــەکێ لــە ئەنــدامانی مەکتــەبی سکرتارییەت یان لـە ئەنـدامانی دەسـتەی لـق لـە رێـژەی (٣/١) سـێیەکی ژمـارەی ئەندامـەکانی تێنەپەڕێ .

**چوارەم :** ماوەی خۆ تەرخان کردنی ئەندام بۆ ئیش و کاری یەکێتی بە خزمەتی فیعلی لـە قەڵـەم دەدرێ و بۆ تەرفیع و عەلاوەو خانەنشینی و تەرقیەی زانستی بە خزمەت حساب دەکرێ و ، بە پێی یاساو رێنوێنییە تایبەتەکانیش جگە لە مووچەو دەرماڵـەی پیـشەیی و زانکـۆیی یـەکێتیش دەرماڵەی دیارکراوی بۆ ماوەی خۆتەرخانکردنەکەی دەداتێ .

## بەشـی شەشـەم
## حـوکمـە کـۆتـاییـــەکـان

**ماددەی بیســت و دوو :**

بارەگاکانی یەکێتی بە بڕیـارێکی دادگـایی و بـە ئامـادەبوونی سـەرۆکی یـەکێتی یـان سـەرۆکانی لقەکان یان نوێنەری یەکێتی ، نەبێ نابێ بپشکێنرێن .

**ماددەی بیســت و ســێ :**

لق لە سنووری جوگرافیی پارێزگاکانی خۆیدا هەوییە بە ئەنـدامانی خـۆی دەدات ، هەویـەکانیش پێویستە یەك بن و لە مەکتەبی سکرتارییەتەوە دەرچووبن .

**ماددەی بیست و چـوار :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتە بەرکار .

**ماددەی بیست و پێنـــج :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی بیست و شەش :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com